محەمەد کەربولی: مافی سوننە کاڵایەک نییە لە ڕێڕەوی تاریکی گرێبەستەکاندا بفرۆشرێت

محەمەد کەربولی ئەندامی هاوپەیمانی عەزم ئەمڕۆ چوارشەممە جەختی لەوە کردەوە کە مافی پێکهاتەی سوننە کاڵایەک نییە کە لە ڕێڕەوی تاریکی ڕێککەوتنەکاندا بفرۆشرێت یان موزایەدەی لەسەر بکرێت.

کەربولی لە تویتێکدا کە موتەڵەع بەدواداچوونی بۆ کردووە بڵاویکردەوە: جێگەی شەرمەزارییە کە لە ڕێڕەوی تاریکەکانی ڕێککەوتنەکاندا سازش لەسەر مافەکانی پێکهاتەی سوننە دەکرێت.

ئاماژەی بەوەشکرد، "پۆستەکان دەستکەوت نین، بەڵکو شایستەن کە دەتوانرێت دەستی بەسەردا بگیرێت و نەفرۆشرێت".